خولی فەرەنسا.. پاریس شەش گۆڵی لە سانت ئیتیان تەمارکرد

لە خولی فەرەنسا پاریس سان جەرمان شەش گۆڵی لە سانت ئیتیان تەمارکرد و مارسیلیا بە ریمس دۆڕا.

لە خولی فەرەنسا، یانەی پاریس سان جەرمان لە دەرەوەی یاریگای خۆی بووە میوانی یانەی سانت ئیتیان.

لە تایمی یەکەمدا و لە خولەکی نە ستاسین گۆڵەکی بە سانت ئیتیان تەمارکرد بەڵام لە خولەکی 43 گەنچالە رامەس ئەنجامەکەی بە پاریس یەکسانکردەوە.

لە تایمی دووەمدا، پاریس پێنج گۆڵی تری تەمارکرد لە ڕێگەی کڤاراتسخیلیا و دەوی دوو گۆڵ و جواو نیڤەس و ئیبراهیما مبای و سەرەنجام یاریکەریان بە ئەنجامی شەش گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردەوە.